## پرۆفیسۆر عەباس وەلی:

# پارتەکانی خۆرهەڵات دەبێ لەو مێتافیزیکە سیاسیە بێنە دەرێ

ئا: مادێح ئەحمەدی

بەشی یەکەم

سیاسەت و خەبات لە هەر کۆمەڵێکدا بە پێی هەلومەرج، میتۆد وگوتاری تایبەتی خۆی دەوێ. لەم پێناوەدا گرووپ و پارت و لایەنگەلێکی جۆراوجۆر دێنە مەیدانەوە و دەتوانن دەور و رۆڵیان هەبێت. هێندێ لایەن دەتوانن لە مکانیزمگەلێکی جۆراوجۆر کەڵک وەربگرن و خۆیان ئابدەیت بکەن و سەرکەوتوو بن. هێندێ لایەنیش لە قاوغی سەرەتایی خۆیاندا دەمێننەوە و لە ئۆردوگانشینیدا پاسیڤبوونی خۆیان دەسەلمێنن. بە ئاوەڕدانەوەیەکی مێژوویی و لێکدانەوەی ئەو تەنگژە و ئاستەنگانەی کە پارتەکانی ئێمە تێپەڕیان کردوون، دەتوانین هەڵسەنگاندنێکی گشتی لەم بارەوە پێشکەش بکەین و خەسارناسیی ئەم ڕەوتە بکەین.

پارتە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، ئێستا تووشی قەیرانێکی مێژوویی، لەبواری گوتاری و تیۆریکەوە، یا بە گشتی باری "ئێپیستمۆلۆژیاوە" هاتوون و کۆمەڵێک ڕەخنە و پرسیاری جیدی بەرەورووی ئەم پارتانە بوونەتەوە. بۆلێکدانەوەی ئەم قەیران وپرسیارانە، چاوپێکەوتنێکمان لە گەڵ "پرۆفیسۆر عەباس وەلی "سازداوە،کە تێیدا هەلومەرجی پێکهاتنی ئەو پارتانە و هەروەها ئەو قەیرانە مەعریفی و تیۆریکانە و...هتد، کە تووشی هاتوون کەوتوونەتە بەرباس و شرۆڤە کردن.

**پ: دکتۆر وەک دەزانن حزبە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەرهەمی شەڕی ساردن و لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا، تەنیا گوتاری مارکسیستی و لیبرالیستی بە سەر پانتایی سیاسیی جیهاندا زاڵ بوون. ئەگەر لە گەڵ ئێستا بەراوردی بکەین، دەبینین ئێستا حاڵەتێکی پلۆراڵ دروست بووە و گوتارەکان جیاوازن. دەمەوێ ئەوە بپرسم کە بەڕای جەنابتان ئایا ئەحزابی خۆرهەڵاتی کوردستان توانیویانە بێنە نێو ئەم کەشوهەوا پلۆراڵەوە و خۆیان لە کلیشەکانی چەپ و ڕاست دەرباز بکەن؟**

و: بەبڕوای من دەسپێکی پرسیارەکە، کە پارتە سیاسییە کوردییەکانی ئێران، بەرهەمی هەلومەرجی شەڕی ساردن، ڕاستە. سەردەمی شەڕی سارد بەو مانایە کە لە ساڵی ١٩١٧ەوە دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩٤٥درێژەی هەبوو. لە ساڵی ١٩١٧بەولاترەوە شەڕی سارد کاریگەریی گەورەی هەبووە لە سەر گوتاری ڕۆشنبیری لە ئێراندا. چەپ لە کوردستاندا بە هەڵکەوت هەبوو و کاریگەریی زۆری لە سەر گوتاری سیاسی ـ کوردی و بیری سیاسی ـ کوردی دانا. بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە بابەتێک بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە گوتتان دوو گوتاری شەڕی سارد، واتە دوو گوتاری بەرامبەریەک "گوتاری سوسیالیستی ـ مارکسیستی و گوتاری لیبراڵ". ئەوانە دروستە لە ئاستێکی جیهانیدا بەرانبەر یەک ڕاوەستان، بەڵام لە چوارچێوەی ئێراندا بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی ، گوتاری سوسیالیستی و گوتاری لیبراڵی تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. من بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە لە خۆرهەڵاتی کوردستان دیسکۆرسی مارکسیستی یان چەپ، دیسکۆرسێکی زۆر کز و لاواز و چەواشەکراو بوو و مارکسیزمی لە گەڵ سۆڤیەتی نوێ دادەناو تەنانەت لە چوارچێوەی دیسکۆرسی مارکسیزمی سۆڤیەتی نوێدا، دیسکۆرسێکی چەواشەکراوو و بە لارێدا چوو و لاوازە. بە بێئەوەی بنەڕەت و بنەمایەکی ئینتلێکچواڵ(ڕۆشنبیرانە)ی هەبێ، لە سەر چەند کتێبێکی خراپی حزبی

**پ. عەباسی وەلی لەدایکبووی شاری مەهاباد**

**پرۆفیسۆر لەبواری زانستە سیاسیەکان**

**سەرۆکی زانکۆی کوردستان لەهەولێر**

> **ئەوماوەی کە چەند کەسێک خڕ دەبوونەوە و مانیفێستێکیان دەنووسی و حزبێکیان پێک دەهێنا و دەکەوتنە دوای هێندێ شت و بە شێوەی نهێنی و نیوەنهێنی پروپاگەندەیان بۆدەکرد و لەو پروپاگەندەیەدا حزبەکانیان گەورە دەبووەوە و ناوبانگی دەردەکرد، ئەو مۆدێلە کارکردن و پروپاگەندەکردنە هی سەردەمی شەڕی سارد بوو و ئێستە باوی نەماوە**

توودەدا کە وەرگێڕاونەتەوە، دانراون. دەتوانم بڵێم لە کوردستاندا چەپ بە مانای گوتارێکی ڕۆشنبیری، بوونی نەبووە و بە شێوەی نیمچە سیاسەتێکی بەلارێدا چوو دانراوە، بەڵام دەسەڵاتی هەبووە. لە هەمبەردا لە ئێران بە گشتی و بە تایبەتی لە کوردستان، دیسکۆرسی لیبراڵ نەبووە و ئەوتێگەیشتنەش کە لە ئێران سەبارەت بە لیبراڵیزم هەیە بە تەواوەتی تێگەیشتنێکی هەڵەیە. بۆ نموونە،لە ئێران گەر سەیر بکەین هەمیشە لیبراڵیزم و دیمۆکراسییان بەیەکەوە گرێ داوە، بە بێ ئەوەی بزانن کە لیبراڵیزم دیسکۆرسێکی زۆر جیاوازە لە دیمۆکراسی و لە دەستپێکدا واتە کاتێک لە سەدەی ١٧و١٨دا لیبراڵیزم دەستی پێکرد، دیسکۆرسێکی تایبەتی دیمۆکراتیک نەبووە و پاش ئەوەیکە دیسکۆرسی دیمۆکراسی هاتۆتە ئاراوە،لیبراڵیزم بەربەرەکانێی کردووە، هەر ئەوەندەی کە لە گەڵ سۆسیالیزم بەربەرەکانێی کردووە لە گەڵ دیمۆکراسیش کردوویەتی.

تیۆریسیەنەکانی لیبرالیزم لە "جان لاک"ەوە تا "جیمس میل"و دواتریش تیۆریسیەنەکانی وەک "هالیک"دیمۆکراسی بە دیسکۆرسێک دەزانن کە بنەمای سەرەکیی لیبراڵیزمێکە سەروەری و ئازادیی تاک لەناو دەبات ولەجێگای، سەروەریی گەل و خەڵکی داناوە. مەبەستم ئەوەیە کە لە ئێران زانستێکی سیاسی ـ فەلسەفی لە سەر لیبرالیزم نەبووە. لیبرالیزم لەچوارچێوەیەکی نیگەتیڤدا هاتۆتە ئاراوە و ئەوەش



چوارچێوەیەک بوو کە "حزبی توودە"بە سەر حزبە هاوشێوەکانی دا سەپاندووە و لیبرالیزمی لەگەڵ "دێمۆکراسی" داناوە و دێمۆکراسی بە "کاپیتالیزمەوە" گرێ داوە. بۆیە ئەو گرێدانە لە ڕۆانگەی چەپێکی بە لاڕێداچوو (لە باری فیکری و دیسکۆرسەوە)...ئەو ئیماژە، ئەوان لە لیبرالیزم دروستیان کردووە، واتە چەپ و دوژمن، ئایدێندێتی وشوناسی دوژمنی بۆ خۆی دروست کردووە.

لیبرالیزم لە ئێران هیچ کات نە ریشە و بنەمای هەبووە و نە بیرێک بووە کە هاتبێتە ئاراوە. گەر بەشێکی زۆر لە ئێران دەڵێن لیبرالیزم و باسی لێ دەکەن، بەرهەمی ئەوەیە کە تەنیا لە بەراورد لەگەڵ چەپدا مانای پەیدا کردووە. واتە لیبرالیزم بۆخۆی هیچ کاتێ مانای نەبووە. بۆیە ئاماژەم بەوە کرد کە ئێوە گوتتان لە چوارچێوەی شەڕی سارد دا هەم مارکسیزمی ئێرانی و هەم خاڵی بەرامبەری کە لیبرالیزم بێ، ساختە و پەرداختەی ئەوکەشوهەوا وئایدۆلۆژیای شەڕی ساردەیە و هەردووکیان دیسکۆرسێکی چەواشە کراون و بە لارێدا چوون. هەم مارکسیزم چەواشە کراوە و هەم لیبرالیزم کە لە ڕێگای مارکسیزمەوە بە لارێدا چووە. هەر بەو هۆیەش پارتەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ناو ئایدۆلۆژیای شەڕی سارد دا، کە حاڵەتێکی چەواشە کراو و بە لارێدا چووە کاری کردووە. ئەوەش دروستەکە پاش رووخانی سۆڤیەتی نوێ و رووخانی سەروەریی مارکسیزم وەک دیسکۆرس و گوتارێکی ڕۆشنبیری، ئێستە تووشی پلۆرالیزم و فرە چەشنیی ئایدۆلۆژیا هاتوون و ئەو فرە چەشنیی ئایدۆلۆژیکەش کاریگەرییەکی دروستی لە سەر پارتەکانی خۆرهەڵات نەکردووە. ڕاستە ئەو پارتانە پاش تەوژم و شەڕ و هەڵلایەکی زۆر دەستیان لە سانترالیزمی دیموکراتیکی "لینین"ی هەڵگرتووە و لە ڕۆژنامەکانیان دا نانووسن "مەرگ بۆ ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا". ئەو شتانەیان بیست ساڵ لەمەوبەر دەنووسی، بەڵام ئێستا لایان بردوون. ئەوەش بەو مانایە نییە کە پێکهاتەی دیسکۆرس و ڕەفتار و کردەوەی ئایدۆلۆژیکی لە ناو ئەوان دا گۆڕانی بە سەر دا هاتووەو سانترالیسمی دێمۆکراتیک تەواو بووە، بەڵام کولتووری سانترالیسمی دێمۆکراتیک لە ناویاندا ماوە. بەو مانایە کە دژایەتی لە گەڵ لیبرالیزم کەم بۆتەوە بەڵام لەگەڵ لیبرالیزمێک کە خۆیان وەک دوژمن بۆ خۆیان دروست کردووە و ئێستاش نازانن ئەو لیبرالیزمە ڕاستەقینەیە چییە؟ جیاوازیی لەگەڵ دێمۆکراسی چییە؟ سۆسیال دێمۆکراسی چییە؟لیبراڵ دێمۆکراسی چییە؟ ئێستەش جیاوازیی ئەوانە لەگەڵ ستراکتۆری گوتاری و پێکهاتەی تیۆریکدا نازانن. بە پێی بنەمای فەلسەفیش نازانن چییە. بەو هۆیە کاریگەرییەکی کەمی هەبووە لە سەر جیهانبینیی ئەوان. بە بڕوای من بابەتێکە جێگای سەرنج و تێڕامان. دەبێ لێی بکۆڵینەوە کە بۆچی ئەو پارتانە کە لە ساڵەکانی ١٩٨٣ ـ١٩٨٤ ەوە لە تاراوگە دان، لە باری ڕۆشنبیرییەوە ئیزۆلە بوون و ماونەتەوە؟ ئەو ئیزۆلە بوونە لە ڕوانگەی منەوە بەرهەمی ئیزۆلە بوونی ئەحزابێکە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەبێ ببنە پێشڕەوی هێزەکۆمەڵایەتییەکوردییەکان.

خاڵی جێی سەرنجی ئەم ئاڵوگۆڕە لە سەردەمی شەڕی سارد و پاش شەڕی سارد لەو گەورە گوتارەی لە سەردەمی شەڕی سارد و ئەو فرە ئایدۆلۆژیکییەی پاش شەڕی سارد لە دیسکۆرسەکانی ئینتێلێکچواڵی ئەواندا خۆی نیشان داوە. ئەمەش بە بڕوای من ئەوەمان پێ دەسەلمێنێت کە ئەو حزبانە قابیلییەتی تیۆریکی و ڕۆشنبیریی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەداوە کە ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەی لە جیهاندا هاتونەتە ئاراوە بقۆزنەوە و لە پێکهاتەی بیر و ئەندێشەی سیاسییاندا ڕەنگدانەوەیان هەبێ.

**پ: دکتۆر، ئاماژەتان بە لاواز بوونی ئەو گوتارە چەپە کرد کە لە ئێراندا هەبووە و لە هەمان کاتدا وتتان گوتاری لیبرالیستی لە بنەمادا لە ئێراندا بوونی نەبووە و چەپ بۆخۆی بەرهەمی هێناوە، بە بێ ئەوەی بزانێت شوناسی دوژمنەکەی چییە. پێتان وایە کاتی خۆی گوتاری مارکسیتی زەربەی لە بزووتنەوەی کوردی لە خۆرهەڵاتی کوردستان داوە؟**

و: ئەمە هەم ڕاستەو هەم لەلایەکەوە زێدەڕۆیی تییێدایە. ڕاستە، لەو بابەتەوە کە چەپی مارکسیستی گوتارەکەیو تیۆرییەکەی لەسەر سەروەریی چین و تەبەقە دانراوە. لێرەدا تەنیا شوناسی سەرەکی، شوناسی چینایەتییەو تەواوی شوناسەکانیتر، بەتایبەت شوناسی نەتەوایەتی یا دەبێ سەر بەو بن، یا دەبێ ڕیزبکرێن و گەر بەراورد بکرێن دەبێ بیشکێنینەوە بەرەو لای ئەو شوناسە چینایەتییە. لەو بابەتەوە گەر سەیر بکەین ئەوپارتانەی کە بڕوایان بە کێشەی چینایەتی لە ئێران هەیە، هیچ کاتێ نەیانتوانیوە سیاسەت و هەڵوێستێکی سەربەخۆیان بەرامبەر بە کێشەی نەتەوایەتی هەبێ. بەردەوام ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی دەبێ لێک گرێ بدرێن، کە ستەمی نەتەوەیی بە پێی ستەمی چینایەتی لێکبدرێتەوە. گرێدانی ستەمی نەتەوایەتی بە ستەمی چینایەتییەوە کێشەیەکی گەورەی خولقاندووە. چونکە گەر سەیر بکەین، لە مارکسیزمدا کێشەی چینایەتی، لە سەر بنەمای چەوساندنەوەی چینایەتی بێت، بە پێی پێوەندیی ئاگتاگۆنیستی بێ، ئەوە بۆ خۆی شتێکی ترە، ئەوە مافێکی ڕەوایە لە هەموو کێشە ڕێژەیی یەکاندا. بۆیە ئەو خاڵە ڕەهایە دەستی لێ نادرێ، لێرەدا ئەقڵیەتی ڕەخنەگرانە ناتوانێت بچێتە پشت سەری ئەو خاڵە جێگیر بووەو بەتەواوەتی کێشەی نەتەوایەتی تابێعی کراوە. گەر سەیر بکەین ئێستا لە "کۆمەڵە"دا ئەم بابەتە زۆر جێ سەرنجە.

> **بە بڕوای من ئەو دیاردانەی کە نائومێدی دەخەنە دڵی جەماوەرەوە و لە نێو پارتە سیاسییەکانی ئێران بە گشتی و لە نێو پارتە کوردییەکاندا بە تایبەتی هاتۆتە پێشێ، سیاسەتی چاوەڕوانییە بۆ حەرەکەتی ئەمریکا**

"کۆمەڵە" هەمیشە تووشی قەیرانێکی گەورەی تیۆری و فیکری بووە، لە سەر ئەوەیکە چون پۆزیشێن(position) بگرێت لە بەرامبەر کێشەیەکی نەتەوایەتیدا لە پێوەندی لە گەڵ گرنگایەتی و زەرووڕەتی کێشەی چینایەتیدا. ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە کاریگەریی نیگەتیڤ و سەروەریی گوتاری مارکسیستی لەسەر گەشەکردنی ناسیۆنالیزم هەی بووە، ڕاستە. لەو بابەتەوە کە ستراکتۆری فیکری وتیۆریک و فەلسەفیی مارکسیزم بوو کە ناسیۆنالیزمی هەمیشە وەک بابەتێکی تابێع داناوە بۆ چینێکی تایبەت. ئەو چینە تایبەتە لەسەردەمی سەروەریدا، سەردەکەوێ و لە گەڵ دارووخانی ئەو چینەدا ئەو ئایدۆلۆژیایە دادەکەوێت. دواتر چونکە ئەم ئایدۆلۆژیایە پێوەندیدارە بە چینێکەوە کە لە ڕاڤەی مێژوویی ئەواندا ڕۆڵێکی نیگەتیڤی هەیە، بۆ ئەوان لە خۆیدا شتێکی نێگەتیڤە. لەبەر ئەوەی کاریگەری، سەروەری و هەژمۆنی ڕۆشنبیریی چەپ لە پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا، نیگەتیڤ بووە. بەڵام هەر بەو جۆرەی لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، نابێت زێدەڕۆیی بکەین.

ئەوەش ڕاستە کە ئەو کاریگەرییە نیگەتیڤەی هەبووە، بەڵام ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی ترەوە ئەوەیکە پارتە ناسیۆنالیستەکان، یا بیری ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی و لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی، هیچ کاتێ ئەو لایەنە ڕۆشنبیرییەی نەبووە کە بتوانێت بۆ خۆی دیسکۆرسێکی سەربەخۆی سیاسی ـ ئایدۆلۆژیکی دابمەزرێنێت. بەو مانایە کە هێزە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستاندا بە گشتی و لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی، بەردەوام لەباری تیۆریک و کولتووری و سیاسییەوە زۆر لاواز بوون. هۆیەکەی لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی زاڵبوونی بیرو گوتاری ناسیۆنالیستی. ئەمەبۆتە هۆی پاشکەوتنی بیری نەتەوایەتی لە کوردستان، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتدا.

**پ: گەر بێین بەراوردێک بکەین لە نێوان خەڵک وئۆپۆزسیۆندا، جەنابت چون سەیری ئەم دووانە دەکەیت، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی یا لە واقیعدا بیری نەتەوایەتی لە نێو جەماوەردا مۆدێرنترە یا لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا؟**

و: بە بڕوای من، تا ئەوڕادەی کە تێبگەم و ئاگادار بم، دەزانم ئاستی گوتاری ڕۆشنبیری و گوتاری تیۆریکی سیاسی، گوتاری کولتووری، لە نێو جەماوەردا پێشکەوتووترەلە پارتە سیاسییەکان، ئەمەش کاریگەریی نیگەتیڤی هەیە لە سەر بزاڤی سیاسیی کورد. هەروەها کاریگەرییەکی نیگەتیڤی هەیە لە سەر ئەو حزبانەی کە بانگەشەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکەن. چونکە هێزێکە بانگەشەی ڕێبەرایەتیی سیاسی بکات، دەبێت لە هەنگاوی یەکەمدا بتوانێت هەژمونی خۆی لە ڕێبەرایەتیی ڕۆشنبیری، گوتاری، ئایدۆلۆژیکی و تەنانەت ڕێبەریی ئەخلاقی لە کۆمەڵدا دابمەزرێنێ، ئینجا بانگەشەی ڕێبەرایەتیی سیاسی بکات. بۆیە ئەو پاشکەوتنە گوتاری، کولتووری، تیۆریک و ڕۆشنبیرییەی پارتە سیاسییەکان لە ئاستی توانایی کولتووری ـ سیاسیی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە حزبی نین و لە خۆرهەڵاتدا کار دەکەن و کارەکانیان دەبینین بۆشایی و دابڕانێکی زۆری لێکەوتۆتەوە. ئەو بۆشایی و دابڕانە، بە بڕوای من زیانێکی زۆری بە پارتە سیاسییەکان گەیاندووە، بە تایبەتی گەر سبەینێ لە ئێران بارودۆخێک بێتە ئاراوە و ئەمان بگەڕێنەوە ، ئەمن ئەوای بۆدەچم کە ئەگەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، ئەو بەرەیەی کە ئێستا لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا پێشڕەون لە نووسین و بیرکردنەوە و لێکدانەوەدا، کێشەیەکی زۆریان دەبێت لە گەڵ پارتە سیاسییەکان. کێشەیان لە گەڵ ئەوە هەیە کە چۆن بکەونە دوای ئەو پارتانە. ئەگەر ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ئێران ڕوو بدەن، بە بڕوای من بۆماوەیەک ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان ٤٠ و٦٠ دایە ڕەنگە بەرەولای پارتەکان بێنەوە، بەڵام ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠ و ٣٥ دایە بە دوای ئەو پارتانە ناکەون و تووشی کێشە دەبن. لەبەر ئەوەی لە سیستەمێکی گوتاری ـ ئایدۆلۆژیکدا کار دەکەن، بیردەکەنەوە و دەنووسن و ئەو سیستەمە گوتاری و ئایدۆلۆژیکیانە لە گەڵ سیستەمی ئەواندا نایێتەوە. بە بڕوای من گەورەترین ئەرکی ڕۆشنبیری ـ سیاسی کە لە سەر شانی پارتە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتە، ئەوەیە هەوڵ بدەن ئەو دابڕان و بۆشاییە پڕبکەنەوە.(هەڵبەت من ڕێزوحورمەتم بۆیان هەیە، چونکە ئەوان ئێستا لە قۆناغی خەبات دان)، ئەوان دەبێت ئەو نەوەیە کە ئێستا لەباری بیرکردنەوەوە پێشڕەو و تەمنیان لە نێوان ٢٠ و ٣٥ دایە بەرەولای خۆیان ڕابکێشن لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا. ئەگەر نەتوانن ئەو بەرەیە ڕابکێشن، بە بڕوای من ئەو بەرەیە تا ١٠ ـ ١٥ ساڵی تر تەمنیان دەچێتە سەرەوە و بەرەیەکی دیکە دێنە مەیدانەوە. بەم پێیە بەوە دەگەین کە ئەوان نامۆتر دەبن. ئەو بەرەیەی کە تەمنیان لە نێوان ٤٠ و ٦٠ دایە و ڕەنگە ئێستا ئینتمای حزبییان هەبێت، ئەوانیش پیر دەبن و کارایی و لێهاتوویی خۆیان لە دەست دەدەن و دەڕوون. لێرەدایە کە بۆشایی یەکە قووڵتر دەبێت □

## پرۆفیسۆر عەباسی وەلی:

# پارتەکانی خۆرهەڵات دەبێ لەو مێتافیزیکە سیاسییە بێنە دەرێ

ئا: مادێح ئەحمەدی

بەشی دووەم و کۆتایی

**پ: بە گشتی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا بۆشاییەکی سیاسی لە ئارادایە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کارکردن و سیستەمی پارتە سیاسییەکان. بە ئاماژە بەم بۆشاییە بەڕێزتان ئەو قەیرانە مەعریفییە چۆن هەڵدەسەنگێنن کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنی ئێمە تووشی هاتووە و ئەو قەیرانە بەرهەمی چییە؟**

و: بە بڕوای من ئەو پارتە سیاسییانە کە لە تاراوگەدان، پێوەندییان لە گەڵ خۆرهەڵاتدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پچڕاوە. کاتێک کێشەیەکی وەها دێتە ئاراوە لە بواری فیکری، ڕۆشنبیری و گوتاری لە وڵاتدا بۆشایی یەک دروست دەبێت و پەرە دەستێنێت کە لە ژێر ڕکێفی ئەواندا نییە. پارتە سیاسییەکان، ئەگەر بیانەوێت لە تاراوگەوە کاریگەرییان لە سەر ناوخۆ هەبێت بە بڕوای من گەورەترین کار کە دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە مودێلێکی دیمۆکراتیکی فیکری ـ سیاسی بێنە ئاراوە و بەو شێوەیە بتوانن سەرنجی خەڵک بەرەولای خۆیان بە گشتی و بەتایبەتی پێشوازی و فیکری ئەو بەرە نوێیە بەرەولای خۆیان رابکێشن و کارێک بکەن کە لە بواری فیکری لە ئێران جێگایان بمێنێتەوە، نەک ڕەتی بکەنەوە. ئەمەش یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو بۆشاییەیە و لە لایەکی دیکەوە بە بڕوای من یەکەم ئەوەیە کەئەو پارتانە لە باری سیاسییەوە لە ناو جەماوەردا بوونیان نییە و گەر هەشیان بێت زۆر لاواز و کەمڕەنگە و بە شێوەیەکی نهێنییە. دووهەم ئەوەیە کە لە باری ڕۆشنبیری و تیۆریکەوە زۆر لاوازن. سێهەم: ناتوانن پرۆسە کولتوورییەکان کۆنترۆڵ بکەن و حکوومەت زۆر باشتر لەوان دەتوانێت پرۆسە سیاسی ـ کولتوورییەکان کۆنترۆڵ بکات. بۆیە لێرەدا بۆشاییەکی سیاسی پێک دێت لە بنەمادا، بۆشاییەکی گەورەی کولتووری و گوتاری هەیە و گەر ئەم بۆشاییانە پڕ نەکرێنەوە، ئەو بۆشاییە سیاسییە بەو شێوەیە پڕنابێتەوە. بە بڕوای من گەر وەختێک گۆڕان و هەلومەرجێک بێتە ئاراوە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە بەستراوە بەوەوە کە ئەو پارتە سیاسییانە تا چەندە بتوانن ئەو بۆشاییە کولتووری و گوتارییەی کە پێک هاتووە، پڕی بکەنەوە و لێرەوە بتوانن لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە لە ئێران دایە یەک بگرن. بۆ ئەمەش دەبێ سیاسەتێک بگرنە پێش کە سەرەڕای ئەوەیکە لە باری فیزیکییەوە لە تاراوگەدان، لە باری فیکرییەوە بتوانن هەژمۆنی خۆیان لە ناوخۆ زاڵ بکەن. زۆر گرینگە کە حزبێک لە باری فیزیکییەوە لە دەرەوەی وڵاتە، بەڵام لە باری فیکرییەوە کۆنترۆڵی هەیە. گەر شتێکی وا لە ئارادابێت بۆشاییەکەیان بۆ پڕەکرێتەوە، بەڵام گەر حزبێک لە باری فیزیکییەوە لە دەرەوەی وڵات بێت و لە باری فیکریشەوە لاواز بێت و نەتوانێت هەژمۆنی خۆی لە سەر بوارە فیکری، زانستی، ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان زاڵ بکات، ناتوانێ ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە.

**پ: دکتۆر گەر ئێستا سەیر بکەین لە ناوخۆوە گرووپگەلێکی نیمچە لیگاڵ پێک هاتوون و دەستیان بە چالاکی کردووە، جیاواز لەمانەش جموجۆڵی خوێندکاری، ژنان، NGO کان و... لە ئاراداین. پێتان وایە ئەم گرووپگەلە لەو کەشوهەوا داخراوەی کۆماری ئیسلامیدا تا چەندە دەتوانن سەرکەوتوو بن؟**

و: لە ئێراندا بزاڤێکی ڕۆشنبیری هەیە. لە کوردستانیش بزاڤی ڕۆشنبیری هەیە کە لەگەڵ بزاڤی ڕۆشنبیری ـ فیکریی ئێراندا، پێوەندییەکی نزیکی هەیە. ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییە ئێستا تا ئەو ڕادەی من ئاگادارم تا ٣ ـ٤ ساڵ لەوە پێش پێوەندییەکی هەبوو لەگەڵ بزاڤی ڕێفۆرمخوازان لە ئێران کە ڕۆشنبیرە ئایینییەکان خوڵقاندیان. هەڵبەت ئەوەی کە دەڵێم پێوەندیی هەبووە بەو مانایە نییە کە بزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستان باوەڕی بە ئامانجەکانی ڕۆشنبیرە ئایینییەکان هەبووە. باوەڕی بەوە هەبووە کە ڕۆشنبیرە ئایینییەکان بزاڤێکیان خوڵقاندووە. ئەو بزاڤەش کەشوهەوایەکی ئاوەڵای کردۆتەوە و هەر لەو کەشوهەوایەدا، لە پێناو گۆڕانکاری و ڕێفۆرم لە حکومەتدا کار دەکات، بەڵام ئامانجەکانی ئەوان نییە. لێرەدا یا بە

> **ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی کە لە کوردستان هەیە تووشی فرەچەشنیی بیروڕا بووە و ئەم کولتوورەش لە چوارچێوەیەکی گەورەتر سەرچاوەدەگرێت کە لە بزاڤی ڕۆشنبیریی ئێران دایە**

شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەو کەشو هەوایەدا کاری کردووە یا ئەوەی کە ناڕاستەوخۆ لەو کەشو هەوایە کەڵکی وەرگرتووە. بە بڕوای من دۆڕاندنی بزاڤی ڕێفۆڕم پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و خۆلی نۆهەمی سەرکۆماریی ئێراندا بوو بە هۆی بێدەنگ بوون و ئیفلیج بوونی ئەو بزاڤە لە باری سیاسییەوە. هەڵبەت، ناکرێ بڵێین لە ناوچووە، بێدەنگ و ئیفلیج بووە. ڕاوەستان و دۆڕاندنی ئەو بزاڤە بووە هۆی سەرکەوتنی گرووپێکی تر لە باڵێکی کە ناسراوە بە بنەڕەتخوازان. واتە ئەو گرووپەی کە پێک هاتوون لە "میسباح یەزدی"، "ئەحمەدی نەژاد" و ئۆتۆریتەخواز و دەسەڵاتخوازان. سەرکەوتنی ئەمانە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو بوارە گشتییە کولتوورییە کە لە سەردەمی ڕێفۆڕمخوازاندا کرابووەوە، بەرتەسک بکرێتەوە. پێوەندی بزاڤە هزرییەکەش لەگەڵ بزاڤی ڕێفۆڕم پچڕاوە، بە تایبەت لەو کاتەوە کە هێرشیان بردە سەر خوێندکاران و "خاتەمی" نەیتوانی پێشی پێبگرێت و ناچار بوو لایەنگری لە حکوومەت بکات و پۆزەیشنێکی بێ هەڵوێست بگرێت. پێشڕەویی دیمۆکراتیکی ئەو بزاڤە لەگەڵ ڕێبەریی ڕێفۆڕم پچڕاوە. لەم پچڕانەدا ئێستە سەیر دەکەین ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی کە لە کوردستان هەیە تووشی فرەچەشنیی بیروڕا بووە و ئەم کولتوورەش لە چوارچێوەیەکی گەورەتر سەرچاوەدەگرێت کە لە بزاڤی ڕۆشنبیریی ئێران دایە. ئەمە هەم لە باری کولتوورییەوە هەم لە باری گوتارییەوە هەیە. بەڵام ناتوانێ خۆی لە پێناوێکی سەربەخۆی سیاسیدا بشارێتەوە. لە کوردستان نەبوونی ئەو پێناوە تا ئێستا ئەوە بووە کە ئەو بزاڤە کولتوورییە نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ خۆی لە حزبەکان و سیاسەتڤانان بدات و ئێستەش ناتوانێت خۆی لەگەڵ بزاڤێکی لیبراڵ دیمۆکرات یا دیمۆکراتیکێکی کولتووری ـ سیاسی لە چوارچێوەی ئێراندا بگونجێنێت. ئەو بزاڤە لە خۆیدا تووشی ئەوە بووە کە گەر سەیر بکەین ئەو نووسینانەی ئێستە دەنووسرێن، لەگەڵ ٤ـ٣ ساڵ لەوەپێشدا بە تەواوەتی جیاوازییان هەیە. ٤ـ٣ ساڵ لەوەپێش ئەو بابەتانەی کە دەنووسران و بڵاودەکرانەوە، باری تیۆری ـ سیاسییان هەبوو. لە سەر شوناس، کۆمەڵی مەدەنی، چۆنیەتی خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ، بیاڤی فیکری، چۆنیەتی کرانەوەی پانتای گشتی و... کاریان دەکرد. ئێستەکە چوونەتەوە سەر لێکدانەوە کۆمەڵناسییەکان، ئەو جۆرەی کە... بزاڤەکان چی لێبکەن؟ چۆن بچنە پێشێ؟ چۆن دەبێ لێکبدرێتەوە؟ و... هێندێک پاشەکشە کراوە لەوەی کە ئێمە باشتر خۆمان تەیار بکەین و بچینە پێشێ. ئەمە بە بڕوای من هەم لە چوارچێوەی کوردستان و هەم لە چواچێوەی ئێراندا شتێکی کاتییە. پیم وانییە ئەو ئۆتۆریتەخوازانەی کە ئێستا لە ئێران دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە بتوانن بە پشتیوانیی ئابووری ـ فیزیکیی وەک: بەسیج، سوپای پاسداران و... ئەو بیاڤە کولتووری و سیاسییە بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە و کارا بهێننە ژێر کۆنترۆڵ و ڕکێفی خۆیانەوە. لەو دژایەتییانەی کە لە ستراکتور و پێکهاتەی سیاسی و کولتووری و گوتاری کۆماری ئیسلامی دایە، کەڵک وەردەگرن و دەچنە پێشێ، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە من ئەوە لە پێناوێکی دروستدا دەزانم چونکە ئێستا دەبینی بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و وەک ڕابردوو نییە کە خەڵک بچن حزبێک پێک بێنن و ئایدۆلۆژیا و پڕۆگرامەکەی دابڕێژن و بڵێن وەرن لەگەڵمان کاربکەن. ئێستە دەبێ بزاڤی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ڕێگایەکی تایبەت بدۆزێتەوە و لەو پێناوەدا بچێتە پێشێ و ئامانجەکانی دیاری بکات و دواتر لە بیری ئەوەدا بێت بوارێکی سیاسی بە خۆی بدات و لەو چوارچێوەیەدا ڕێبەر و لیدرشیپ و ڕێکخراوی خۆی لە خۆی ببینێت، ئەوجا کە خەڵک لەگەڵی دایە، ڕێبەرییەکەی لە گەڵیەتی و لە خۆی هاتۆتە دەرێ. ئەوماوەی کە چەند کەسێک خڕ دەبوونەوە و مانیفێستێکیان دەنووسی و حزبێکیان پێک دەهێنا و دەکەوتنە دوای هێندێ شت و بە شێوەی نهێنی و نیوەنهێنی پڕوپاگەندەیان بۆدەکرد و لەو پڕوپاگەندەیەدا حزبەکانیان گەورە دەبووەوە و ناوبانگی دەردەکرد، ئەو مۆدێلە کارکردن و پڕوپاگەندەکردنە هی سەردەمی شەڕی سارد بوو و ئێستە باوی نەماوە. ئێستە گەر سەیربکەین بزاڤە کۆمەڵایەتییەنوێکان هاتوونەتە ئاراوە و لە پێشدا لە بواری فیکری و کولتوورییەوە خۆیان بەهێز دەکەن و بزاڤی کۆمەڵایەتی ـ کولتووری دادەمەزرێنن و بەڕێوەی دەبەن و ڕێگەی کۆمەڵایەتی ـ کولتوورییان پی یدەبەخشن. دواتر لە نێوان خۆیاندا باس و دیالۆگ و... دێننە ئاراوە. لەو باس و دیالۆگانەدا گرووپێک سەردەکەون و ئەوانە ڕێگەی ئەو بزاڤە دیاری دەکەن و پاشان لیدرشیپ و ڕێکخراوی دیاری دەبێت. پاش ڕووخانی شەڕی سارد و ئایدۆلۆژییەکانی، ئێستە سیستەم و مێتۆدی کارکردن و سیاسی گۆڕاوە. لەو کاتەدا حزبێک کە دەهاتە مەیدانەوە، سەرەتا لە باری سیاسی ـ کولتوورییەوە ئامادەکاریی دەکرد و خۆی تەیار دەکرد، بەڵام ئێستا دەبێت بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەکارییەکەی بکات و لەوێوە هێزێکی سیاسی سەرهەڵبدات. بەبێ ئەو ئامادەکارییە پانتایی کۆمەڵایەتی و کولتووری. گەر بزاڤێکی سیاسی لەبەر ئەوە بچێت پارتێک پێک بهێنێت و پارتەکە بچێت پڕۆگرام بنووسێت وبانگهێشتنی خەڵک بکات، ئەوە مۆدێلێکی کۆنە و باوی نەماوە. ئەو سیستەمە کولتوورییە و ئەو ڕۆشنبیرانەی ئێستە لە ئێرانن مەرجی ئەو سەرکەوتنەن، بەتایبەت بە ئاماژە بەوەی کە دنیایەکی بەسەرچووەوەی پارتە کۆمۆنیستە نهێنییەکانە......



پرۆفیسۆر عەباسی وەلی فۆتۆ: چاودێر

**پ: جیاواز لەمە بە ئاماژە بە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و کاریگەریی لە سەر هاوکێشە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا پارتەکانی ئێمە دەتوانن قورساییەکیان هەبێ لەم نێوانەدا؟**

و: بە بڕوای من پارتەکانی ئێمە دەتوانن لەم نێوانەدا قورسایی یان هەبێ، بەڵام بە مەرجێک کە لە سیاسەتی ئەمریکا بە باشی تێبگەن و بەبێ ئەوەی کە سەربەخۆیی خۆیان لەدەست بدەن، بچنە پێشێ. دووپاتی دەکەمەوە، بەبێ ئەوەی کە سەربەخۆیی و گوتاری خۆیان لەدەست بدەن. یەکێک لە خاڵەکان بە بڕوای من ئەو دیاردانەی کە نائومێدی دەخەنە دڵی جەماوەرەوە و لە نێو پارتە سیاسییەکانی ئێران بە گشتی و لە نێو پارتە کوردییەکاندا بە تایبەتی هاتۆتە پێشێ، سیاسەتی چاوەڕوانییە بۆ حەرەکەتی ئەمریکا. دانیشین، بڵێین ئەوە ئەمریکا لە ئێران دەدات، ئێران دەڕووخێنێت، ئێمە دەچینەوە و چالاکیی خۆمان دەست پی یدەکەین. شتێکی وا بە بڕیوای من گەر خەونیش نەبێت، ئایدیالیزمێکی زۆر مەترسیدارە و مێتافیزیکییە.

گەر سیاسەتی ئەوڕۆ بە بەشێک لە داهاتوو ببەستییەوە بۆ خۆی گریمانەیەکی بەدوورە. هیچ حزب و بزاڤێکی سیاسی نابێ سیاسەتی چالاکی خۆی، واتە ئەو سیاسەتەی کە لە پێناو کاریگەری لە سەر پانتایی سیاسی خۆیانە، لە سیاسەت و گریمانەیەکی دوور لە داهاتوودا ببەستێتەوە. ئەو گریمانە بەدوورە، بۆ خۆی هاوکێشەگەلێیکی بۆ نرخاندن هەیە کە لە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی ئەو حزبەدا سیاسەت دەکات. ئەوەی لە ئەمریکا سەبارەت بە ئێران بڕیار دەدرێت لە سەر پارتە کوردییەکانی خۆرهەڵات بەقەدەر یەک میلیمەتر کاریگەرییان نییە. گەر کاریگەرییان لە سەر ئەوە هەبێ و بێن سیاسەتێک لە سەر ئاکامی گریمانەی ئاوەها گۆڕانکاریگەلێک دابنێن، ئەمن بەوە دەڵێم مێتافیزیک. دەبێ لەو مێتافیزیکە سیاسییە بێنە دەرێ. ئەوان دەتوانن شیمانەی ئەوە بدەن و بڵێین ئەگەری پێکدادانێکی نیزامی لە نێوان ئێران و ئەمریکادا هەیە. گەر هەشبێت نە ڕادە و ئێسکەیل و پانتایی ئەو پێکدادانە دیارە، نە ئامانجەکانی لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، نە دژکردەوە ناوچەییەکان و نە دژکردەوەکانی خەڵکی ئێران دیارە. ئەمانە ناتەواون. گەر ئەمانە لەبەرچاوبگرین، دەبینین خاوەن هاوکێشەیەکین کە چەندین شتی ناتەواوی هەیە و ئەو فۆرمولانەش کە پێویستن بۆ چارەسەرکردنی ئەم هاوکێشانە، ناتەواون و لە ئیختیار ئێمەدا نییە. من پێموایە ئەوە سیاسەتێکی مێتافیزیکییە و پارتە سیاسییەکانی خۆرهەڵات دەبێ پێوەرگەلێکیان هەبێت بۆ

> **ئەوەی کە چاوەڕێی هێزێکی هەژمۆنیکی بیانی بین کە بێت و ئاڵوگۆڕێک بۆ ئێمە بکات، گەر سەیر بکەین زۆر لایەنی ئایینیی هەیە. جا لێرەدا بۆیە دەڵێم مێتافیزیکییە**

بەدواداچوون و نرخاندن و ئەو بەدواداچوون و پێوەرانە جێگا بۆ ئاوەها بابەتێک دابنێن. گریمانەیەک لە نێو دە گریمانەدا دابنێن، ڕێگایەک لە نێوان دە ڕێگادا دابنێن، بەڵام پێوەرەکان و بەدواداچوونەکان دەبێ جۆرێک بێت کە لەو چوارچێوەیەدا، نە سەربەخۆیی فیکری و نە سەربەخۆیی پراکتیکیی سیاسیی خۆیان لە دەست بدەن.

**پ: دکتۆر پێت وانییە نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووە، گوتاری هاوبەش و بێ بەرنامەیی و بێ پڕۆژەیی ـ بە تایبەت ئەو قەیرانە مەعریفییەی کە تووشی هاتوون ـ کێشە ساز بێ لە بەردەم ئەوەی کە بتوانن لە نێو هاوکێشە سیاسییەکاندا جێی خۆیان بکەنەوە؟**

و: ئەوە درووستە بەڵام بەرە، یەک نابێ تا کاتێک ئەو حزبانە لە بیر ئەوەدابن کە لەو بەرەیەدا بیرێکی هەژمۆنیک هەبێت. دروستە، بەرە بە بێ بیرێکی هەژمۆنی نابێت، بەڵام بیرێکی هەژمۆنی لەو بەرەیە بێتە دەرێ نەک ئەوەی کە یەکێک لە دەرەوە بێت و هەژمۆنی خۆی بەسەردا بسەپێنێت و دوایی ئێمەش بەدوایدا بچین. هەژمۆنی لە سەر بنەمای ڕێکەوتنێک دەبێت، ئەو ڕێکەوتنە دیاری دەکات چ هێزێک لەو بەرەیەدا ئەو هەژمونەی هەیە. ئێستە ئەم شتە نییە. بە بڕوای من ئەم جۆرە ستراکتۆرو ڕێکەوتنە بۆ کارکردن نییە. لێرەدا ئەو سیاسەتە مێتافیزیکە دەمێنێت. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە چاوەڕوانییە لە ئەمریکا کە بێت و ئێران بڕووخێنێت، لایەنێکی ئایینیی هەیە. ئەوە نییە کە ئایینییەکان دادەنیشن و چاوەڕێی خودان کە کارێک بکات... باران ببارێنێت... ناچن بەدوای ئاودا بگەڕێن و لە بن عەرز بیهێننەدەرێ و دەچن نوێژێک دەکەن و چاوەڕێ دەبن کە خودا بارانێک ببارێنێت. ئەوەی کە چاوەڕێی هێزێکی هەژمۆنیکی بیانی بین کە بێت و ئاڵوگۆڕێک بۆ ئێمە بکات، گەر سەیر بکەین زۆر لایەنی ئایینیی هەیە. جا لێرەدا بۆیە دەڵێم مێتافیزیکییە.

هەر سیاسەتێک کە بەرژەوەندی ئەوڕۆ گرێ بدات بە گریمانەکانی داهاتووەوە و بەرژەوەندی سیاسیی ئەوڕۆ لە سەر بنەمای گریمانەیی... وەک کۆمۆنیزم ئایدیالێکی نەگونجاوە. ئەحزابی کۆمۆنیستی سیاسەتی ئەوڕۆیان لە پاساوهێنانەوەدا، ئایدیالێکی نەگونجاوە، بۆیە چاوەڕوانی بۆ ئاڵوگۆڕ لە ئێران و شیمانەی هێرشێکی نیزامی لە لایەن ئەمریکاوە حاڵەتێکی مێتافیزیکیی یەکجار گەورەیە. چون هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران سادە نییە و پێش بینی و نرخاندنێکی زۆر قووڵو گەورەی دەوێ. لەو گرنگتر، پێش بینی ونرخاندنی ئاکامەکانی پاش ئەو هێرشەی کە لە ئێران دێتە پێشێ بۆ ئەمریکییەکان ناکرێت و ئەو ئاکام وئەنجامانە ئایا بە قازانجی هێزە کوردییەکانە یا نا؟ ئەوە دەبێ لەسەری ڕابوەستین و قسەی لەسەر بکرێت. چونکە ڕەنگە وەک پێویست بە قازانجی ئەوان نەبێت. لێکدانەوەی دەوێ. بۆیە پێشنیار ئەوەیە... ئەو بۆشاییە فیکرییەی کە هەیە، بەشێکی دەبێت ئیشی ئەوە بێت کە لەسەر ئەو سیاسەتە بیر بکەنەوە، ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی بنرخێنن. لەسەر ئەوە بوەستن و بیربکەنەوە، کە ئاکامەکانی شیمانەی هێرش بۆ سەر ئێران چۆن دەبێت. یەکەم پارامێترەکانی ئەو هێرشە (گەر بێتە پێشێ) چون دەبێ؟ کارەکەی چون دەبێ؟ چەندە بەربڵاو دەبێت؟ چەندە سنووردار دەبێ؟ ئایا ئامانجی سەرەکی دەبێ؟ ئامانجە کانی درێژخایەنن یا کورت خایەنن؟ ئامانجی گۆڕانی حکومەتە یا تەمێ کردنی؟ چون ڕەنگە هێرشکردنی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ئامانجی تەمێ کردنی دەستنیشان کردبێت. ئەمانە هەموو بابەتگەلێن، کە دەبێت بخرێنە بەر باس و لێکدانەوەو لە خۆمان پرسیار بکەین. لە دواییدا چ بارودۆخێک دێتە ئاراوە؟ ئێمە تا چ رادەیەک دەتوانین لە پێناو ئەو سیاسەتەدا بچینە پێشێ؟ تا چ ڕادەیەک دەتوانین لە بەرامبەر شیمانەی ئاکامەکانی ئەو هێرشەدا هەڵوێست بگرین؟ ئەمانە بابەنگەلێکن کە دەبێت حزبی سیاسی دیارییان بکات.

بەڵام دووپاتی دەکەمەوە، بە بێ ئەوەی فیکرێکی بنەڕەتی لە سەر ئەم بابەتە بکرێتەوە، باوەڕ بەوەی کە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران چ گۆڕانکاریگەلێک دێنێتە پێشێ... ئەمە دەتوانێت کارەکانمان جێ بەجێ بکات و... لە ڕوانگەی منەوە شتێکی مێتافیزیکییە.

**پ: دکتۆر وەک دوایین پرسیار مکانیزمی بەرەوڕوو بوونەوە، بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانانە لە ڕوانگەی جەنابتانەوە چییە؟**

و: بە بڕوای من ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران پێویستی بە ڕیفۆرمێکی ڕێکخستنی و گوتاری ـ ئایدۆلۆژیکی هەیەو ئەم دوو خاڵە زۆر گرنگن. ١ـ ڕیفۆرمێکی گوتاریی گەورە. ٢ـ ڕیفۆرمێکی ڕێکخستنی گەورە.. و ئاکام و ئەنجامەکانی ئەم دوو خاڵە دەبێت کاردانەوەی هەبێت لە ڕیفۆرمێکی ستراتیژیدا. تۆ ناتوانیت ڕیفۆرمی ستراتیژی بکەیت بە بێ ئەوەی ڕیفۆرمێکی گوتاری ـ تیۆریک و ڕێکخستنی بکەیت. دواتر دەبێت ڕیفۆرمێکی ستراتیژیک بکەیت. بەو مانایە، ڕیفۆرمێکی ڕێکخستنی و گوتاری ـ تیۆریک بنەماکانی ڕیفۆرمی ستراتیژی پێک دێنێت. مەبەستم لە ڕیفۆرمی ستراتیژی ئەوەیە کە ئەحزابی ئێمە دەبێت، بیری ستراتیژیی خۆیان بگۆڕن. دیسان لە کۆتاییدا دەڵێم سەرەڕای ئەوەیکە ڕێزو حورمەتم بۆیان هەیە، چونکە خەریکی خەباتن، بەڵام ئەمە ببێت بە بەڵگەو نەڵێین هەڵە دەکەن■